به دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن ولێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن ولێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت»، ووتیان: تەنانەت تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی هاوەڵان دەدات بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك، ولە خودا ترسان هێندەی دەتوانن بەبێ زیادەڕەوی و بەبێ کورتهێنان، وبە کردەوەکەیان مەبەستیان پێکانی ڕاستی بێت ئەمیش کاتێك دێتە دی کە دڵسۆزی بۆ الله ی تێدا بێت لەگەڵ شوێنکەوتنی سوننەت، هەروەها بۆئەوەی کردەوەکەیان قبوڵ بێت وهۆکار بێت بۆ دابەزینی ڕەحمەت بەسەریاندا. پاشان پێیانی ڕاگەیاند کە هیچ یەکێك تەنها بە هۆی کردەوەکانی خۆی ڕزگاری نابێت؛ بەڵکو دەبێت ڕەحمەتی الله ی لەگەڵدا بێت. ووتیان: تەنانەت تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا، کردەوەکانت ڕزگارت ناکەن هەرچەندە زۆر وگەورەن؟ فەرمووی: نەخێر، تەنانەت منیش مەگەر خوای گەورە بە فەزڵ وڕەحمەتی خۆی دامبپۆشێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3469